# ئاكامی دكتاتۆرەكان و داگیركەران هەر نەمانە

ئەحمەد دشتی

گەلۆ ئەگەر ئاوڕێك لە مێژووی گەلی كورد بدەینەوە دەبینین كەكورد گەلێ لە مێژە چەوساوەیەو لە ژێر چنگی داگیركەران دادیل كراوەو هەموو مافێكی ژیانی لێ زەوت كراوەو لە ناو لانەی ژیانی خۆی دا دوور خراوەتەوە و هەمیشە پەلاماردراوەو لە ناو مال و حالی حۆی دا ڕەتێندراوەو لە هەموو ژیانێكی ئازادی و ڕەهایی میللی و بوونی ڕزگاری و سەربەخۆیی و هەرچی كە بۆنی ژیانێكی كەمێ پێشكەوتوانەو سەربەرزانەی لێ بێتن دوورەوبێ بەش كراوەو تەنانەت مافی پەیڤ و نوسینیشی بە زمانە شیرینەكەی باوك و باپیرانی خۆی نیەو لیێ قەدەغەكراوە ، هەر لەو ڕۆژەوە كە كوردستان كەوتۆتە ژێر چنگی داگیركەرە دڕندەكانەوە ئەوا بەوپەڕی نامرۆڤانەو نامەردانە ئەم گەلە كوردەیان چەوساندۆتەوەو هەر مافێكی كە ڕەوای بوونی هەموو میللەتێكە لەم جیهانە دا بە زۆری زۆرداری لە كوردیان زەوت كردووەو بە گەلێ ناوو ناتۆرەوە بە هەزاران ڕۆلەی كوردیان لە ناو زیندانە ڕەشەكانیان دا لە ژێر باری زەبرو زەنگ و كوشتن و بڕین و بیری جینۆ ساید كردنی ئەم گەلە كوردەیان داوەو لە ناویان بردووین ، داگیركەرانی كوردستان بە هەموو هێزو توانایەكیانەوە پەلاماری هەموو بزوتنەوەیەكی ئازادیخوازی و سەرهەلدانی بزافی میللی و شۆڕشەكانی گەلی كوردیان داوەو هەرچی كە لە دەستیان هاتبێتن دژ بە گەلی كورد ئەنجامیان داوە و لە بەر چاوی تەواوی جیهانیان بە ئاشكراو زۆربە ڕاشكاوی دەلێن كە كورد نابێ هیچ مافێكی میللی خۆی هەبێت و گەلی كورد بە چل ملیۆنەوە هەقی نیە كە بۆ خۆی سەرز بێت و كوردیش وەك هەموو گەلانی جیهان قەوارەیەكی میللی خۆی هەبێتن و دوور بێتن لە ژێر چنگی داگیركەران و كوردستانێكی ئاوەدان و پێشكەوتنی خۆ هەبێتن و دەبێ بێ مافی چارەنوسی خۆی بێتن، دەبینین لە هەر چوار لاوە داگیركەرانی كوردستان بۆ لە ناو بردنی گەلی كورد یەكتر دەگرن وهەموو كێشەكانی نێوان خۆیان دژایەتی كورد لە بیر دەكەن و زۆر بێ شەرمانە پەلاماری ئەم كوردەی بێ ماف لە هەموو ژیانێكی نەتەوایەتی خۆیەوە دەدەن و پیلان و هاكارەكانی دژ بە كورد دا دەڕێژن و بە یەكەوە و زۆر بە ئاشكراییەوە بۆ تەفرو تونا كردنی كوردو كوردستان تێ دەكۆشن ، ئەمڕۆكە لە كوردستانی باشور دا كە گەلی كورد دوای سالەهای سال خەبات و تێكۆشان و قوربانی دان بە گیانی پاكی هەزاران هەزار شەهیدانی ڕێگەی ئازادی و سەربەرزی كوردو كوردستان هەلێكی بۆ هەل كەوتووە ، دەبینین كە بە تایبەتی داگیركەری تورك چۆن هەموو هێز و توانایەكی بە كار دێنێ و مرخی خۆی لە كوردستان و سەروەت و سامانی ئەم گەلە كوردە هەژارە خۆش كردووەو هەر لەو ساتەوە كە گەلی كورد لە كوردستانی باشور دا كەمێ تامی ئازادی چێشتووەو بۆ خۆی لەو پارچە بچكۆلانەی دا خەریكە خۆی پێ دەگەیەنێ و نیشتمانێكی ئازادو ڕەهاو تەژی لە دیموكراتیەت و ئاوەدان كردنەوەی وەدی هێناوە ، ئەوا داگیركەری تورك بەوپەڕی بێ شەرمی و ملهوڕانە سەركردایەتی داگیركەران دەكات و هەولی نەبوونی هیچ كیانێكی مللی كورد دەداتن و سێ قۆلییانە كۆبونەوەكانیان دژ بە گەلی كوردی ئەنفال دیدەو بە هەزاران هەزار لێ ون و بە كیمیا خنكێندراو و خاك و مال لێ تەعریب كراو ئەنجام دەدەن و دەیانەوێ كە گەلی كورد لە هیچ شوێنێ لەم خاكە ڕەنگینەی خۆی دا بە مافە ڕەواكانی خۆی شاد نەبێتن، ئاخر ئەو داگیركەرانە كە ترسی خۆیان لێ نیشتووەو چاویان بە پێشكەوتن و بوونی قەوارەیەكی پڕ لە دیموكراتیەت و پێشكەوتنی كورد هەلنایەتن و بیر لەوە دەكەنەوە كە نەبادا ئەم ڕووداوە گرنگە قوڕگی خۆیان بگرێتەوە و كوردەكان لەو پارچانەش دا ئاوا لە پێناوی مافەكانی خۆیان دا ڕاپەڕن و بگەن بە ڕزگاری و ئازادی و سەربەرزانە بژین ، بەلام داگیركەران زۆر خەیال خاون ، ئەوانیش لە ئاكام دا بۆ كوێ دەڕۆن ؟خۆ ئەوانیش هەر وەك دكتاتۆرەكەی بەغدایان لێ بە سەر دێتن ، دیمان كە دكتاتۆرەكەی سەدامی خوێن ڕێژ دوای چل سال ئەو هەموو مال وێرانی و كاولكاری و ئەنفال و كوشت و بڕین وتا توانی هەولی لە ناو بردنی گەلی كوردی داو لە هیچ كارێكی دڕندانە دژ بە گەلی كورد نەپەنگایەوە ، بەلام نەیتوانی كە گەلی كورد لە ناو ببات و هەرچەند زولم و زۆرداری بە سەر كورد داسەپاند ، ئەوا بزوتنەوەی ئازادیخوازی كورد بە هێز تر بوو و قەت لە ناو نەچوو ، وا بە چاوی خۆمان ئەمڕۆكە دەبینین كە هاكامەكەی ئەو سەدامە دكتاتۆرە بە كوێ گەیشت و هەرچەند زولم و زۆرداری لە سەر ئەم گەلە كوردەو تەواوی گەلی عێراق دا سەپاندو هەموو ئازادی و نەبوونی مافێكی میللی گەلی كوردی لە ژێر پای هەستی دكتاتۆریانەو فاشیانەی خۆیان ناو هەموو زیندان و كارخانەكانی كیمیایی و هێزو توانایەكی بە سەر گەلی كورد و تەواوی عێراق داسەپاندو تەنانەت بڕیاری جینۆ ساید كردنی كوردیشی داو گازی خەردەل و سارین و سیانیدیشی دژ بە گەلی كورد بە كار هێنا ، ئەو

هەموو سەروەت و سامانەی عێراقی ئاوا بە فیڕۆ داو چەکی کۆمەل کوژی بۆ دژایەتی بە کوردو هەموو مرۆڤی لەم جیهانە وەدی هێناو کوردستان و عێراقیێکی دوور لە هەموو پێشکەوتنێکی هێنا کایەوەو ئەو هەمووهاوکاری و یارمەتی دانی تڕۆریستانی جیهانی کردو بەو هەموو پارەو پولەو ئابووریە دەولەمەندەی عێراق کە لە دەستیان بوو ، وەلاتێکی وێرانەو پڕ لە کووشت و کوشتاری بە زەبرو زەنگ و پڕ لە ترس و هەراسی لە ناو دلی هەموو خەلکێکی عێراق دا دروست کردبوو جگە لە کاول کاری هیچی تری وەدی نەهێنا ، بۆیە کە دیمان کەوا ئەمڕۆ دەستی زۆرداریان لە ئاکام دا بڕاو ئیتر وایان بە سەر هات کە بوونە پەندی ڕۆژگاران و هەموو کونێکیان لێ بوو بە قەیسەری و تەخت و تاراجیان تێك شکێندراو گەلی عێراق بە کورد و عەرەب و هەموو کەمە نەتەوایەتیەکانیەوە ڕزگارو ئازاد و سەر بەخۆ مانەوە ، لە سایەی نەمانی سەدامی خوێن ڕێژ دا گەلی کوردیش وەك هەموو گەلێ لەو پارچە بچکۆلانەدا لە ژیانێکی سەر بەرزانەو ئازادانە دا دەژیت و کوردستانی خۆی بەرەو پێشەوە دەباتن ، داگیرکەرانیش با سەریان لە بەرد بدەن و بە خەیالی گلاویان نیازە شومەکانیان با دابڕێژن و تازە نکارن کە گەلی کورد بەرەو دوا ببەنەوەو لە ناومان بەرن .

ڕۆژگارانی ترۆرستان و داگیرکەرانی ترۆریست باوی نەماوەو جا با داگیرکەری تورك زۆر چاك بزانێ کە کوردستان دەبێ هەر ڕزگارو سەر بەخۆ ببێت و ڕۆژێ دێتن کە ئالای ڕەنگینی کوردیش لەم جیهانە دا بەرز دەکرێتەوەو ئەم کوردستانە ڕەنگینەی وێرانەو داگیرکراو بە دەست ئەوانەوەش هەمووی ڕزگار دەبێت و کوردیش هونەری زانست و تەکنەلۆژیای خۆی لە پێناوی بەختەوەری مرۆڤ دا بە کار دێنێ و کوردستانێکی ئازادو ڕەهاو پێشکەوتووو هاوکاری جیهانیان بۆ خۆشبەختی و ئاسایش و ئاشتی تێ دەکۆشێ و دژایەیتی خراپکاران و ئەوانەی کە گیانی بێ گوناهان و مرۆڤان دەخەنە خەتەرەوە و دڕندانە وێرانی و کوشت و کوشتار وەدی دێنن تێ بە گیان و بە دل هەول دەدەین ، کوردی ئازدیخواز و زۆر لێ کراوو خاك داگیرکراو و تێنووی ئازادی و سەربەرزی و دژ بە هەموو داگیرکەرو وێرانکەرو ترۆریستانی ئەم جیهانە بۆ نەمانیان تێ هەرگیز ناسرەوین و دەبێ لە ئاکام دا کوردستان و جیهانێکی پڕ لە ئاشتی و ئاسایش و پێشکەوتوو بێتە کایەوەو مەرگی داگیرکەران و ترۆریستانی کوردستانی و جیهانی وەدی بێت و کە ئەمش زۆر نەزیکەو سەرکەوتنی ڕاستیەکان بە سەر چەوتی و نالەباری دا وا موژدەی بەختەوەری و شادی مرۆڤ لە هەموو جیهان دا دەداتن .

**تێبینی کوردستان نێت:**

**ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣**